لە مەدینەدا پیاوانێک هەن ئەگەر ئێوە هەر دووریەک بپڕن، وهەر دۆڵێک تێبپەڕێنن؛ لەگەڵ ئێوەدان بەڵام نەخۆشی ڕێگری لێکردوون

لە ئەبی عبداللە جابری کوڕی عبداللەی ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بووین لە غەزایەکدا، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «لە مەدینەدا پیاوانێک هەن ئەگەر ئێوە هەر دووریەک بپڕن، وهەر دۆڵێک تێبپەڕێنن؛ لەگەڵ ئێوەدان بەڵام نەخۆشی ڕێگری لێکردوون». ولە گێڕانەوەیەکدا: «ئەوا بەشداری ئێوەن لە پاداشتدا». لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لە جەنگی تەبوک گەڕاینەوە لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، فەرمووی: «کەسانێک هەن لە پشتمانەوە لە مەدینەدا ئەگەر ڕێگای هەرشاخێک یان هەردۆڵێک بپڕین؛ ئەوا لەگەڵ ئێمەدان، بەڵام عوزر (بیانوو) ڕێگری لێکردوون».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە - موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی پیاوانێک دەکات کە هیچ شتێک ڕێگری لێنەکردوون لە جیهاد کردن جگە لە نەخۆشی وهاوشێوەکانی نەبێت وەکو عوزری (بیانووی) ڕێگەپێدراو، دەفەرموێت: ئەگەر موجاهیدەکان هەر دووریەک بپڕن یان هەر دۆڵێک تێبپەڕێنن ئەوا ئەوانەی عوزر ڕێگر بووە لە ئامادە بوونیان؛ هەمان پاداشتی موجاهیدەکانیان بۆ دەنووسرێت و وەکو ئەوە وایە لەگەڵیاندا ئامادە بن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4557